ترەمپ لە چ کەمینیزمێک دەترسێ!.. ئاسۆ کەمال

ترەمپ لە کۆبوونەوەیەکی لایەنگرەکانیدا ترسی خۆی لە جۆرێک لە کەمینیزم لە ئەمریکادا نیشان دا کە داوای خانو و ژیانی باشتر بە خەڵک دەکەن. وتی ئەگەر من بمێنم ئەم بەیەنانە بە خەڵک بفرۆشم گەورەترین کەمینیست دەبم، بەڵام ئەمانە ئەمریکا وێران و هەژار دەکا.

ئەم ترسە لە بزوتنەوەی دیموکرات سۆشیالیستەکانی ئەمریکایە کە مەدانیان کردە پارێزگاری نێرک و چەند ئەندام پەرلەمان و پارێزگاری تریان لە شارە گەورەکانی ئەمریکا بەدەست هێناوە. ئەوەی بورژوازیەکی وەک ترەمپ و حکومەتی کەماریەکان لێی دەترسن ئەو بزوتنەوەیەیە کە لە چینی کرێکار و کەم دەرامەتی ئەمریکاوە دەستی پێکردوە و بەردەوام لە باری سیاسی و ڕێکخراوەیی و جەماوەریەوە گەشەدەکا و لە دەنگدانەکان و هەڵبژاردنەکانیشدا پشتی کەماریەکان دەشکێنێ.

ترەمپ بەشێکی سەرکەوتنەکانی بە هەڵخەڵتاندنی چینی کرێکار بەدەست هێناوە بەوەی کار و ئابوری لە ناوخۆی ئەمریکا بەهێزدەکا، بەڵام ئەمڕۆ بە پیچەوانەوە لەسایەی سیاسەت و شێوازکانی ترەمپەوە گرانی و بێکاری زیاتری ڕووبەڕووی کرێکاران بوەتەوە. لە کاتێکدا تەنیا ترەمپ خۆی لە یەکەم سالی سەرکایەتیکەیدا یەک ملیار دۆلار تەنیا لە بازاڕی پارەی دیجیتاڵ قازانجی کردوە و باقی هاوڕێ ملیاردێرەکانی تری خۆی کردەتە خاوەن ترلیۆن دۆلار و سامانی ئەم ئەلیگاریشیە پارەدارەی بە هیچ درێژیەک بە ناشاردراوەتەوە. لەسایەی ئیدارەی ترەمپدا سامانی ١٪ سەرمایەدارەکان بووەتە ٣١.٧ و ئەو بەشەی بەرهەمی ناوخۆیی گشتی ئەمریکا کە لە شێوەی کرێ و قەرەبووکردنەوە بە کرێکاران تەرخانکراوە، بە نزمترین ئاست لە مێژووی ٧٥ ساڵیدا دابەزیوە.، کە سەرجەمی نیوەی خوارەوەی دانیشتووانی وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا خاوەنی ٢.٥٪ی سامانی ئەمریکان .*١ ئەمە بەشێوە ئابوری پیتی K ناسراوە، واتە فەینی ئاستی دووەمەندبونی سەرمایەدارەکان و کەوتنە نشێوی کرێکاران.

هەربۆیە کرێکاران و چینە کەمدەرامەتەکان بە بینینی ئەم ڕاستیانە لە ترەمپ و حزبەکەی دوور دەکەونەوە و ڕوو دەکەنە خەباتی ڕادیکاڵ دژی سیاسەتەکانی حزبە دەسەڵاتدارەکانی ئەمریکا.

ئەم خەباتی کرێکاران دژی کێشەکی سەرمایەی بە شوماری چینی

سەرمایەدار و دژی هەژارترکردنی کرێکارانە. ترەمپ ترساوە کە داوای خاونوو و خەراک و موچەی زیاتر ئەم بەهەشتەی ترەمپ و میلیاردەر و خاوەن ترلیەن دۆلارەکان وەران دەکا و هەربۆیە تارمایی کەمەنیزمی تیا دەبینێ. کەمەنیزمێک کە لە خەباتی سەر جادە و کارگە و شوێنە گشتیەکانەوە دەستی پێکردوە و گیانی کردەتوە بەبەری یەکیتیە کرێکاریەکان و بزوتنەوەی سیاسی ناو جەماوەری کرێکاران، لە نمونەی دیموکرات سۆشیالیستەکانی ئەمریکا.
ئەمە ئەم بزوتنەوە جەماوەریە سیاسیە نوێیەی لە ئەمریکا گۆشەدەکا بە بەدەستهێنانی مافە سەرەیاییەکانی وەک خانو و کرێ و تەندروستی و پێناباری لەمەیداندایە، بەڵام مەترسی کەمەنیزم بەسەر دەسکەاتی هێزهای بورژوازی ئەمریکا لەم هێز نمایشکردنە ملیۆنیەدا و لە هەر سەرکەوتنێکی بچوکدا نیشان دەدا. ئەمە کەمەنیزمێکی نوێی زیندوە کە لە خواروە بە شێوەیەکی جەماوەری گۆشەدەکا و خاوەن پێیامێکی هەشنە کە ئەم سیستەمە چەوسێنەرانەی سەرمایەداری قبوڵ ناکا.

ئاسۆ کەمال

١*

https://www.cnbc.com/2026/01/30/wealth-inequality-k-shaped-economy-united-states-consumer-spending-trump.html